**فخرالدين قادر عارف**
**سكرتير برلمان كوردستان - العراق**

**وەزارەتی داد**

**پاڵپشت بە حوکمی ماددەکانی( 35 و 38 و39 و50 )لە یاسای ژمارە (16)ی ساڵی 2012 یاسای جێبەجێکردن و هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای دادنووسانی ژمارە (33)ی ساڵی 1998 لە هەرێمی کوردستان – عێراق بریارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە :**

**ڕێنمایی ژمارە ( 1 )ی ساڵی 2014**
**ڕێنمایی تۆمارکردنی ئامێرەکان**

**ماددە : ( 1 )**

**ئەم ئامێرانەی خوارەوە دەکەونە ژێر حوکمی ئەم ڕێنماییانەـ**

**أ- بەرهەمهێنەکانی ووزەی میکانیکی (مولدات الطاقة الميكانيكية).**

**ب- بەرهەمهێنەکانی ووزەی کارەبایی (مولدات الطاقة الكهربائية).**

**ج - ئەو دەزگایانەی بۆ گواستنەوە و گۆرینی ووزەی میکانیکی و ووزەی کارەبایی بەکاردێن لەکاتی ئیش پێ خستنی ئامێری پیشەسازی و کشتوکاڵی و ئامێری هەموو جۆرە مەبەستێکی تر بەکاردێن کە ئەم برِگەیە بزوێنەر و بگۆرو ئامێری کارەباییش دەگرێتەوە تەنها ئەوانە نەبێ بە دەقێکی تایبەتی جودا کراونەتەوە.**

**د- ئەو دەزگایانەی بەهۆی ووزەی میکانیکی یان ووزەی کارەبایی ئیش دەکەن وەکو ئەو ئامێرانەی لە پیشەسازی و کشتوکاڵ و مەبەستی تر بەکار دێن ئەمەش ئامێری کێڵاَن و چاندن و دروونەوە و رستن و چنین دەگرێتەوە لەگەڵ هەموو ئەو ئامێرانەی لە کارگە میکانیکەکان بەکار دێن وەکو نەخشە دارێژو کون لێکەر و مشار تەنیا ئەوانە نەبێ کە بە دەقێکی تایبەتی جودا کراونەتەوە.**

**ماددە ( 2 )**

**ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە دەبنە بنەما بۆ تۆمارکردنی ئامێرەکان یان بنەما بۆ ئەو ماف و مافە تایبەتیانەی لەو تۆمارکردنەوە پەیدا دەبن.**

أ- ئەو گرێبەست وبەڵێندەرایەتی وقەواڵانەی کڕینی ئامێرەکە دەسەلمێنن لە کۆمپانیایەکی ناسراو یان لەو لایەنەی لێ ی کڕاوە.

ب- مۆڵەت پێدانی پرۆژە دامەزراندن یان مۆڵەت پێدانی کڕینی ئامێر بە لایەنێکی فەرمی یان هەر لایەنێکی تر کە بەفەرمی رێگەی پێ درابێ ئەم مۆڵەت پێدانە دەربکات.

ج- ئەو قەواڵانەی وەرگرتنی مافێك یان مافێکی تایبەتی دەسەلمێنن لەسەر ئامێرەکە ئەویش ئەگەر پەسەند کرابوون لە لایەن دادنووس یان هەر لایەنێکی تری تایبەتمەند یاخود ئەو کەسەی واژووی لەسەرکردبوو دانی بە ناوەرۆکەکەی دەنا.

د- ئەو گرێبەست و بەڵێندەرایەتی و قەواڵانەی گواستنەوەی ماف یان مافی تایبەتی لەسەر ئامێرەکە دەسەلمێنن کە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر ئەویش بە رێگایەك لە رێگایە یاساییەکانی وەکو کرین یان میرات لێگرتن یان بەخشین یان وەسیەتکردن یان دابینکردنی دڵنیایی لەبەرامبەر قەرز یان حەوالەکردنی قەرزلە لایەن ئەو کەسەی بە پێی یاسا بەدەستی هێنا بێ بۆ کەسێکی تری حەوالە بکات.

**مادده :** ( 3 )

پێویستە لەسەر داواکاری تۆمارکردن فۆرمی تۆمارکردنی ئامێر پێشکەش بکا بۆ دادنووس ئەویش بە پێ ی نموونەی ژمارە (1) کە ئەم خالانەی خوارەوە دەگرێتە خۆ:-

أ- فۆرمی تۆمار کردن لە دوو لاپەڕە پێك دێت بە پێوانەی (20×30) سم .

ب- لە لاپەڕەی یەکەم شوێن و ئەو جێگایەی لێ دەنووسرێ کە ئامێرەکەی لێ جێگیرکراوە لەگەڵ ناوی کارگە یان کۆمپانیاکە لەگەڵ هەموو ئەو ماف و مافی تایبەتی و بەلگەنامانەی لە بنەرەتدا پشتیان پێ بەستراوە،ئەویش بەم شێوەی خوارەوە رێك دەخرێت :-

**یەکەم:** خانەیەك بۆ نرخی تۆمارکردن و کرێی نۆرین و خەملاندن.

**دووەم :** خانەیەك بۆ وەرگرتنی میرانە.

**سێیەم :** خانەیەك بۆ تۆمارکردنی مامەڵەکە و ئەنجامدانی گواستنەوە لە تۆمارە کۆنەکە.

ج- لە لاپەڕەی دووەم جۆرو ئاکاری ئامێرەکە دەنووسرێ لەگەڵ نرخی کرین و هەموو ئەو خەملاندنانەی لەسەری ئەنجام دراوە بەم شێوەی خوارەوە:-

**یەکەم:** خانەیەك بۆ دەستەی گشتی باجەکان و هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر.

**دووەم: خانەیەك بۆ ئەو رەفتارانەی لەسەر ئامێرەکە ئەنجام دراون لەگەڵ دان پێدانانی لایەنە پەیوەندیدارەکان لەبەردەمی داد نووسدا.**

**سێ یەم: خانەیەك بۆ پەسەند کردنی دادنووس ئەویش لە دوای تەواو بوونی مامەڵەکە.**

**د- نابێ فۆرمی تۆمارکردن لەناو ببردرێ ، بەڵکو لە دۆسیەی تایبەتی ئەو پرۆژەیە یان کارگە کە هەڵدەگیرێ کە تێدا تۆمارکراوە ئەویش لە دوای ئاماژە دان بە تۆمارکردنی کۆتایی تێدا.**

**مادده : ( 4 )**

**کاتێ دادنووس فۆرمی تۆمارکردنی ئامێر یان ماف و مافە تایبەتیەکانی پەیدا بوو لە تۆمار کردنیان بە پێی نموونەی ژمارەی (1)ی دەچێتە پێش پێویستە لەسەری ئەم رێکارانەی خوارەوە ئەنجام بدات .**

**أ- ووردبینی کردنی هەموو زانیاریە نووسراوەکانی ناو فۆرمی تۆمارکردن بۆ هاورێکبوونی ئاکارەکانی لەگەڵ بەلگە نامە بەدیارخراوەکان.**

**ب- رەوانەکردنی داواکاری تۆمارکردن بۆ ئەو لایەنانەی پەیوەندیدارن ئەویش بۆ وەرگرتنی رەزامەندی ئاسایی لە سەر تۆمارکردن یان گواستنەوەی مولکداری یان چەسپاندنی ئەو ماف و مافە تایبەتیانەی دەکەوێتە سەر ئامێرەکە.**

**ج- ئەنجامدانی نۆرین لەسەر ئامێرەکە بۆ چەسپاندنی ئاکارەکانی و چەسپاندنی نرخەکەی .**

**د- بلاۆکردنەوەی ئاگادارییەك بە پێی نموونەی ژمارە (4) لە رۆژنامەیەکی ناوەخۆی رۆژانە یان هۆکاری تری ئاگادار کردنەوە یاخود ئەگەر نەکرا لە ڕۆژنامەکان بلاۆبێتەوە ئەوا ئەو بلاۆکردنەوەیە لە شوێنە گشتیەکان بێ ئەویش پوختەیەك لە داواکاری تۆمارکردن بگرێتەخۆ داوا لە هەموو ئەو کەسانە بکات کە مافیان تێدا زەرەرمەندە تاکو بە رێگای یاسایی لە ماوەی پازدە رۆژ لە دوای رۆژی ئاگاداریەکە داوایەك بداتە دادنووس ، ئەو کەسەی نارەزایی لەسەر تۆمارکردن دەبێ بۆ سەلماندنی مافی خۆی ڕادەسپێردرێ سەردانی دادگای تایبەتمەند بکات بەو مەرجەی لە ماوەی حەوت رۆژ دەبێ بەڵگەیەك لە دادگا بهێنێ بەوەی نارەزایی داوە، بە پێچەوانەوە کاری تۆمارکردن کۆتایی پێ دێ. بەلاًم ئەگەر بەڵگەی هێنا لەسەر ئەوەی نارەزایی گرتووە ئەوا رێکارەکانی تۆمارکردن دوا دەخرێ تاکو ئەوکاتەی حوکمەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێ.**

**ه - ئەو ئامێرانەی نرخیان لە خەرجی بلاۆکردنەوە لە رۆژنامەکان کەمترە یان ئەو ئامێرانەی نوێن و لە شوێنی تایبەتی و نووسینگە و ئەو کۆمپانیانە کڕاون بەم شێوەیە مامەڵە دەکەن یان مامەڵەی بازرگانی کردن و فرۆشتنی ئامێریان هەیە یان بریکارداری فەرمییان لە لایەن ئەو کۆمپانیانە**

هەیە ئەو ئامێرانە ئامادە دەکەن یان ئەو ئامێرە هەناردە دەکەن یان لقی ئەو کۆمپانیانەن بە بازرگانی ئامێر ناسراون ئەوانە هەموو لە بلاّوکردنەوەی ئاگاداری تۆمارکردن لادەدرێن ، بۆ ئەم مەبەستەش ئەو ئامێرانە بە نویّ دادەندریّ کە لە سەد و هەشتا رۆژ زیاتر تێنەپەڕیبیّ بەسەر بەرواری کرینی هەروەها ئەو ئامێرانەش لە بلاّوکردنەوە جودا دەکرێنەوە کە لە فەرمانگە فەرمییەکان و کۆمپانیا گشتیەکان دەکڕدرێن

**ماددە : ( 5 )**

**أ-** تۆمارکردنی ئامێر لە تۆماری ئامێرەکان دەبێت بە پێی نموونەی ژمارە (2) بیّ کە دادنووس لەکاتی تۆمارکردن پشت بەو زانیارانە دەبەستیّ لە فۆرمی داواکاری تۆمارکردندان ئەویش لە دوای پێدانی میرانەی یاسایی و دان پێدانانی لایەنەکانی پەیوەندیدار و وەرگرتنی واژووەکانیان لە فۆرمی داواکاری تۆمار کردن و تۆماری ئامێرەکان .

**ب-** تۆماری ئامێرەکان بۆ هەر سالّێك بەرەنووسی یەك لەدوای یەك رەنووسدار دەکرێت و رێکەوتی تۆمارکردن و رەنووسی لاپەرەی تێدا دەنووسریّ .

**ماددە : ( 6 )**

**أ-** دادنووس بڕوا نامەیەك دەداتە لایەنە پەیوەندیدارەکان و ئەو کەسەی ماف یان مافی تایبەتی لەسەر ئامێرەکە هەیە کە ئەو بروانامەیە مولّکداری ئامێرەکەو مولّکداری ماف و ئەو ڕەفتارانەی تێدایە کە ئەنجام دراون ئەویش بە پێی نموونەی ژمارە (3) کە زانیاری بڕوانامەکە بەتەواوی رێکە لەگەلّ زانیاری ناو تۆماری ئامێرەکە.

**ب -** دانەیەك لە بڕوانامەی تۆمارکردن لە دۆسیەی تایبەتی هەلّدەگیرێت .

**ج -** ئەم رێنمایە جێبەجیّ دەکرێت لەدوای بلاّوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) .

**شێروان حەیدەری**

**وەزیری داد**

وەزارەتی داد
بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
فەرمانگەی دادنووسی /

**نمونەی ( 1 ) دادنووس**
جۆری مامەڵە ( تۆمارکردنی ئامێرەکان)

**داواکردنی فۆرمی تۆمارکردنی ئامێر**

| | | | |
|---|---|---|---|
| پارێزگای | | ژمارەی دۆسیە | |
| قەزا – ناحیە | | ناوی کارگە یان کۆمپانیا | |
| ناوی گەڕەك | | | |
| کۆلان – باڵاخانە | | ناوی خاوەندار و ماف و دەسەڵاتەکانی | |
| ژمارەی پارچە | | | |
| کەرتی | | | |
| ماف و ئیمتیازاتەکان | | ڕوون کردنەوە وبەڵگە نامەکان | |
| خاوەن گلدانەوە | | 1- | |
| گلدانەوە لەسەر دانراو | | 2- | |
| جۆری گلدانەوە | | 3- | |
| ڕێژەی ئەوپشکانەی گلدانەوەیان خراوەتە سەر | | 4-<br>5- | |
| بەرواری دەست پێکردن | | داواکاری تۆمارکردن | |
| بەرواری تەواو بوون | | ناوی تەواو | |

| | | |
|---|---|---|
| | ژمێریاری | کۆی خەملێندراو |
| بڕی پارەی وێنە ( هەزار دینار )<br>ژمارەی گشتی (     )<br>بەروار / / 201 | دینار فلس | ژمارەی پسولە /<br>پارەی رەسم (     ) ژمارەی گشتی :<br>پارەی پول بەروار / / 201<br>واژۆ ومۆر و ناوی فەرمانبەری ژمێریاری<br>کۆی گشتی |
| واژۆی ئەمین صندوق | | |
| بڕی پارەی پشکنین | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ژمارەی گشتی (......... )<br>بەروار / / 201<br>ئەمین صندوق | | | مامەڵەکە تۆمار کرا بە ژمارە (    )<br>بەروار / / 201<br>مامەڵەکە گواستراوە تۆماری پێشوو لەبەرواری<br>/ / 201<br><br>فەرمانبەری تایبەتمەند / |
| مامەڵەکە بنێردرێتە پشکنین و خەملاندن پاشان ئاگاداری<br><br>دادنووس | | | |

**نمونەی ( 1 ) دادنووس**

| ژ | جۆری ئامێرەکە و ئاکارەکانی و سەرچاوەکە | نرخی کرین / دینار | نرخی خەملێندراو/دینار |
|---|---|---|---|
| 1<br>2<br>3<br>4<br>5<br>6<br>7<br>8<br>9<br>10 | | | |

نۆرین لەسەر ئامێرەکە/ئامێرەکان ئەنجام درا کە ووردەکاری و ئاکارەکانیان دیاری کراوە ، نرخەکەی خەملێندرا کە لە تەنیشتی نووسراوە دەکەوێتە بواری پسپۆری ئامێرەکان لە فەرمانگەکە .

فەرمانبەری تایبەتمەند    لێژان    داواکاری تۆمارکردن    رێکەوتی نۆرین    دادنووس

پەسەندکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان

**ئەو ڕەفتارانەی لەسەر ئامێرەکان کراوە لەگەڵ دان پێدانان**

**خاوەندارێتی ئامێرەکە / ئامێرەکان تۆمار کرا لەسەرەوە جۆر و ئاکاریان دیاری کراوە ئەویش پاڵپشت بەو بروانامە و بەڵگەنامانەی دیاری کراوە بەپێی دەقی یاسا و ڕێنمایییە دەرچووەکان**

**فەرمانبەری تایبەتمەند** — **دادنووس**

| | |
|---|---|
| وەزارەتی داد<br>بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد<br>فەرمانگەی دادنوس / | **نموونە( 2 ) دادنووس**<br>ژمارەی دۆسیە: |

**تۆماری ئامێرەکان**

| تۆماری ئێستا | | | تۆماری لێ گواستراوەتەوە | | | تۆماری بۆ گواستراوە | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ڕێکەوت | بەرگ | ژمارە | ڕێکەوت | بەرگ | ژمارە | ڕێکەوت | بەرگ |
| | | | | | | | | |

| | | ناوی خاوەن و ڕێژەی پشکەکان / ناوی کارگە یان کۆمپانیا |
|---|---|---|
| پارێزگا | | |
| قەزا و شارۆچکە | | |
| شەقام/باڵاخانە | | |
| گەڕەك | | |
| پارچە | | |
| کەرت | | |

| ماف و مافەتایبە تیەکان و گلدانەوەکان | | | |
|---|---|---|---|
| بارمتە دانە | | بارمتە وەرگر | |
| جۆری بارمتە و ڕێژی | | ڕێکەوتی دەست پێ کردن و تەواو بوون | |
| گلدانەوەی تر | | ریکەوتی هەلگرتنی گلدانەوە | |

| جۆری ئامێر و ئاکارو دروست بوونی | | هەڵسوکەوت ئەنجامدارو دان پێدان |
|---|---|---|
| جۆری ئامێرو ئاکاری دروست بوونی | | |
| جۆری سوتەمەنی کە ئیشی پێ دەکرێت هێزی ئەسپی | | |
| قەبارە و مۆدیل | | |
| مەبەستی بەکارهێنانی | | |
| هەر زانیاریەکی تر یارمەتی جیاکردنەوە دەدات | | |

| | | |
|---|---|---|
| پارەی کرین | | |
| نرخی خەملێنراو | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕەسمی تۆمارەکان | | | |
| فلس | دینار | جۆری ڕەسم | |
| | | ڕەسمی دادنوسی<br>ڕەسمی پول<br>کۆی گشتی/ | |

ڕەسمەکە وەرگیرا بەپسولەی
ژمارە /
ڕێکەوت /
واژووی فەرمانبەری تایبەتمەند

تۆمارکردن :-
لەسەر ئەو ڕێکارانەی هاتووە لە فۆرمی تۆمارکردن ژمارە ( ) ئەم ئامێرە تۆمار کرا پاڵپشت بەو بەڵگەنامە و بروانامانەی بەپێی یاسا دەرچوو لەڕێکەوتی / /

فەرمانبەری تۆمار

داد نووس
مۆری فەرمی

وەزارەتی داد
بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
فەرمانگەی دادنوس /

**نموونە( 3 ) دادنووس**
ژمارەی دۆسیە:

## بڕوانامەی تۆمارکردنی ئامێر

| تۆماری ئیستا | | | تۆماری لێیێ گواستراوەتەوە | | | ئەوتۆماری بۆ گواستراوە | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | بەروار | بەرگ | ژمارە | بەروار | بەرگ | ژمارە | بەروار | بەرگ |
| | / / 20 | | | | | | | |

| | | |
|---|---|---|
| پارێزگا | | ناوی خاوەن و بڕی پشکەکان / ناوی کارگە یان کۆمپانیاکە : |
| قەزا / ناحیە | | |
| گەڕەك | | ماف و ئیمتازیاتەکان و گلدانەوەکان : |
| کۆلان / تەلار | | بارمتە دانەر \| \| شتی بارمتە دانراو |
| پارچە | | جۆری بارمتە و بڕەکەی \| \| بەرواری دەستپێکردن و کۆتایی هاتن |
| کەرت | | |
| جۆر و وەسفەکانی ئامێر | گڵدانەوەکانی تر | بەرواری لادانی گڵدانەوەکە |
| جۆری ئامێرو وەسفەکانی و بنچینەکەی | | ئەو دەستکاریانەی ئیستا ئەنجام دەدرێن |
| جۆری سوتەمەنی/ هۆکاری ئیشپێکردنی و توانا بە ئەسپ | | |
| قەبارە و جۆر و مۆدیل و ژمارە | | |
| ئەو مەبەستەی کە ئامێرەکە بۆی بەکاردەهێنرێت | | |
| هەر زانیاریەك کەیارمەتی جیاکردنەوەی مەکینەکە بدات | | |

| | | |
|---|---|---|
| جێگرەوەی کڕین | | |
| بەهای خەملێندراو لەبەرواری تۆمارکردندا | | |

| رسوماتی بروانامە | | جۆری ڕسومات/ تۆمارکردنی ئامێرەکان | ئەم بروانامەیە ڕێکخرا پاش تەواوکردنی ڕێوڕەسمەکانی تۆمارکردن لە تۆماری تایبەتدا بەپێی بەڵگەنامەکان و بەگوێرەی یاسای دەرچوو و پەسەندکراو بەپێی داواکاریەکە لە / / 20 |
|---|---|---|---|
| فلس | دینار | ڕسوماتی دادنوسی<br>ڕسوماتەکە وەرگیرا بە پسولە<br><br>ڕسوماتی پوول<br>ژمارە:<br>بەروار: / / 20<br><br>کۆی گشتی<br>ناوی فەرمانبەری ژمێریاری | فەرمانبەری تۆمار دادنووس |

| وەزارەتی داد<br>بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد<br>فەرمانگەی دادنوس / | **نموونە( 4 ) دادنووس**<br>ژمارەی دۆسیە: |
|---|---|
| **ئاگاداری تۆمارکردن** | |

**بە پێی ئەو داواکاریەی پێشکەش بەو فەرمانگەیە کراوە لەلایەن (          ) لە ڕێکەوتی / / 20          کە تێدا داوای تۆمارکردنی (          ) کە خاوەنداریەتی بۆ ئەو دەگەڕێتەوە و ئامێرەکە ئیستا لە (          ) داندراوە و لە خوارەوە ئاکارەکانی نووسراوە هەر کەسێك پەیوەندیدار بێ بەم ئامێرە پێویستە ڕێگایە یاساییەکان بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و بەڵگە بۆ ئەم فەرمانگەیە بەرزبکاتەوە ئەویش بۆ ڕاگرتنی تۆمارکردن لە ماوەی (15) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بلأوکردنەوە ئەو کاتە تۆمارکردنەکە لە دواخستوو دادەندرێ تا ئەو کاتەی داوایەکە نارەزایی دەیگرێتەوە .**

**لەلایەن دادگای تایبەتمەند لە ماوەی (7) ڕۆژ یەکلایی دەکرێتەوە بە پێچەوانەوە ئامێرەکە و ئامرازەکان ، ئامێرەکە بە ناوی داواکاری تۆمارکردن تۆمار دەکرێن بە پێی یاسای ژمارە (16)ی ساڵی 2012 یاسای جێبەجێ کردن و پیادەکردنی یاسای دادنووسان ژمارە 33ی ساڵی 1998 و بڕوانامەی تۆمارکردنی پێ دەدرێ .**

دادنووس

## ئاکارەکان

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە :** 7534 **لە** 2014/5/26

**بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (7)ی یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (15)ی ساڵی 2007 بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنمایییەی خوارەوە :-**

**ڕێنمایی ژمارە ( 1 )ی ساڵی** 2014

**تایبەت بە تۆمارکردنی لق و کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری پزیشکی کۆمپانیا نەوتیەکان ، گواستنەوەی نەخوش لەناو هەرێم , ناردنی نەخۆش بۆ دەرەوەی وڵات**

**یەکەم : ڕێنماییە گشتییەکان :-**

**1- پێشکەش کردنی بڕوانامەی تۆمارکردن لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان .**

**2- سەرپەرشتی و چاودێری ئەو کۆمپانیایانە لە لایەن وەزارەتی تەندروستی دەبێت .**

**3-پێوستە کۆمپانیاکە پابەند بێت بە پاراستنی نهێنی نەخۆش و نەدرکاندنی تەنها بۆ ئەو لایەنەی کە نەخۆش ئاگادارە و ڕەزامەندە لەسەری .**

**4- نوێکردنەوەی مۆڵەت هەر (2) ساڵ جارێك دەبێت .**

**دووەم : ڕێنماییە تایبەتییەکان :**

**- تۆمارکردن و کردنەوەی لقی خزمەت گوزاری پزیشکی تایبەت بە کۆمپانیا نەوتیەکان :**